

# نیشتمانە سپییەکەی نێو خەونەکانی دایك

ناڵە حەسەن

لەنێو هەناسەی
وەرزە مەستەکانی رەبەنیترین موسافیر
رەنگەکان،
بێ رۆح.. بە ئەسپایی
بەسەر شەقامەکانی مەرگ
رادەبوورن.
بەرەو چارەنووسێکی نادیار
ون ون دەبن

تێکەڵ بە هاوارە تەنهاییەکانی
بێ ئارامیترین باڵندەکانی خودا دەبن.
بە ئەسپایی
بە دەوری رەبەنیترین
ئەستێرە سپییەکانی خەون
دەسووڕێنەوە.
موسافیرەکان،
لە ژوورێکی تەنیا
لەگەڵ گەڵاکانی تەنیاییدا
دەلەرێنەوە..
لە گۆڕێکی تاریك
لەگەڵ گەردەلوولەکانی تاریکیدا،
ژووان دەگرن.
رەنگەکانیش بە ئەسپایی
لەنێو یادەوەرییەکانی باخچەکان ون دەبن.
ئەو باخچانەی
پڕاوپڕن لە نائومێدی
رەنگەکان بە ئەسپایی
لەنێو رووناکییە بێ ئومێدییەکانی
خۆرەتاودا پیاسە دەکەن.
نامورادانە
لەنێو خەونە رەبەنییەکاندا دەمرن.
بەر لە مردن،
وەسیەتەکانیان
لەنێو جانتای موسافیرە غەریبەکان جێدەهێڵن.
ئەو موسافیرانەی
جانتاکانیان پڕاوپڕە لە خەمە سپییەکانی گەڕانەوە.
پڕاوپڕە..
لە شیعرە چاو بە فرمێسکەکانی
نێو ژوورە چۆڵ و هۆڵەکانی غوربەت.

ئەو موسافیرانەی
گوڵە لۆنسییەکانی رۆحیان
ریحانە رەشەکانی هەناسەیان..

بۆنی غەریبییان گرتووە.
تەمەننای بینینەوەی نیشتمانە سپیەکەی
نێو خەونەکانی دایك دەکەن.
موسافیرەکان،
تا هەتایە لەنێو دەریاکانی غوربەتدا دەمێننەوە
لەنێو کۆلانە تاریکەکانی زەمەندا ون دەبن
لە پەنجەرەکانی تەنیایی
سەیری خۆرئاوابوونەکانی تەمەن دەکەن.
لەژێر سێبەری دارسنەوبەرەکانی ئاو
بە تەزبێحە گوڵ گوڵینەکەی باران
وەرزەکانی نێو فرمێسکەکانیان دەژمێرن.
ژنەکانی نێو پەلکەزێرینەی خەیاڵیان
بە پەرتبوونەکانی
نێو باخچەی نائومێدییەکان دەسپێرن.
ئەوە منم
کەرنەڤاڵێك لە شەپۆڵەکانی مردن
هاوارێك لە سێبەرەکانی تەنیایی
مۆسیقایەك لە ئاوازە ناسکەکانی ونبوون.
بەسەر گۆنای لاولاوە رەنگ زەردەکانی
نێو چاوەکانم دەبیندرێ.
ئەوە منم/ شانە سڕەکانی پەنجەکانم
پڕبوون لە پەرستگا خوداییەکانی غەریبی
پەیکەری ئومێدەکانی خەیاڵم
هەموو بەیانیان،
خوناوە خەملێوە خەماوییەکان دەردەکەن
ئەوە منم
رۆحێکی شەکەتو ماندووی
رێگا ونەکانی غوربەتم..
لەژێر تەرزە رەشەکانی شەو
خۆشم نازانم بەرەو کام مەنزڵ رێ دەکەم.

دێمەوە
دێمەوە، دێمەوە دێمەوە
پیاسەکانم دەستپێدەکەمەوە

لەژێر بارانو تریفە
خەمە شمشاڵییەکانی بروسکە بەسەردەکەمەوە
لەژێر کەپری رازە هەنارییەکانی رووناکی
رادەکشێمەوە
هاوارەکانی دەریا هێورو
گوناهەکانی مانگ سپی دەکەمەوە.

ئەوە منم/ دێمەوە،
لە بنار کانییەکانی عەشق
دەگیرسێمەوە.
بۆ گوڵە حاجیلەو خاڵخاڵۆکە پڕتەقاڵییەکان
دەنووشتێمەوە.
وەکو جاران..
گوێ لە سەمفۆنیای رووبارەکانو
گوێ لە لاوکەکانی خاك/ دەگرمەوە
لەگەڵ نەوڕەسەکانی بەر باران
پڕ بە سییەکانم هەناسە دەدەم
لەگەڵ تاوسە جاویدانییەکانی ئەڤینداری
سترانە هێمنییەکانی هەور دەچڕین.

دێمەوە
خۆم لە جوانییەکانی گەلاّ و
لە ڤینۆسییەتی بەفر وەردەدەم
لەنێو خۆڵەمێشی خەونەکانم دەگەوزێم
لەنێو شەپۆلە شاگەشکەییەکانی مەستبوون
تا ئەبەد نارۆمەوە..!

**نیسانی** 2007